# چاپلین و ڤان کوخ و دالی لە مۆزەخانەکەی ئەمستردام دا


ئاشتی گەرمیانی ... هەولێر

لەساڵی 2005 پاش 9 ساڵ لە نیشتە جێ بـوونی وولاتـی نیدەرلانـد کـە دەڵێین هۆڵـەنـدا مـن بـوارم بـۆ ڕەخسا کـە سەردانی مۆزەخانە مۆمیەکەی شاری ئەمستردام بکـەم بـۆ ئەوەی ئەو داهێنانە هونەری یەش ببینم کە هۆڵەندی یەکان ، پۆرتێتی ئەم کەلە مرۆڤایەتیانەیان کرۆتە ئەو پەیکەرەکەی رۆژانە بە سەدان کەس دێت و تەماشای دەکات.

مـن لـەگـەڵ وەسـەرکـەوتـنم یـان چـوونـە ژوورەوەم بـۆ مۆزەخانەکە شانۆو ماڵیکی تاریکم وەبەرچاو کەوت .. کە کەسایەتی یەکانی تیادا دانراوە هەریەك لەلایەکەوە وە هەریەك ڕووناکی یەکی بۆ دانـراو لـەگـەڵ ژیانامـەکـەی.. زۆر کـەس ئـەم کـەسـایەتیانـە ناناسـن بـەلام بـەهـۆی ژیانامـەکانیانـەوە نزیـك دەبنـەوە لـەو کەسایەتیانە.

کەڵە هونەرمەندەکانی جیهانی لە هۆڵەندان وە چاوەڕوانن کە رۆژانە هەزارەها کـە س سـەردانیـان بکـات و ناوداریـان بخوێنێتـەوە .. بـەسـەرهـاتی ئـەو ژیانـەی کـە زۆر بەزەحمەتی بوون بەم پیاوانە وە توانیان لاپەرەیەکـی درەوشـاوە بـۆ خـۆیـان تۆمـار بکـە لەمێژووی مرۆڤایەتی هونەردا.



### کەسایەتی چاپلین(Sir Charles Spencer Chaplin) .

لەساڵی 16 ئەپریل 1889 تا 25 دیسمبەری 1977 دا ژیاوە، هونەرمەندێکی کۆمیدی ئیگلیـزی وە دەرهێنـەری فلیمە بێ دەنگەکان بوو،تاکە دەرهێنەری فلیمی بێ دەنگی جیهانی بوو لەپێش شەری جیهانی یەکەم .

چاپلن دەم وچاوو ئیمای هونەری ئاسانکاری و دووبارە بونەوەی بەکار دەهێنا وە سەرکەوتوویەکی زۆر بەرزی بە دەست هێنا لە هونەری سینەمایی بێ دەنگ دا ، فلیمـە بەناوبانگەکانی 20 خولەك لە خۆشەویستی وە منداڵەکان پێش بڕکێ لە کیستون دەکـەن لەساڵی 1914 دالەساڵی 1916هەموو فلیمەکانی خۆی نوسییەوە ، لـەسـاڵی 1918 دا

موسیقای بۆ فلیمەکانی دانا ، لەسالی 1919 دا لەگەڵ دوغلاوس فادر یانکس دا یەکێتـی هونەرمەندانیان دامەزراند.

چاپلن هونەرمەندێکی گرنگی هونەری سینەمایی فلیمە بێ دەنگەکان بوو لەو سەردەمەدا وە کارتێکراوی هونەرمەندی فەرەنسی ماکس لیندەر ی لە سەر بوو.

چاپلن قۆناغی دەیەمی وەدەست هێناوە لە پەیمانگای هونەری ئەمەریکـی 100 سـاڵ لـە 100 کارئەکتەردا .. زۆر شت ووتراوە لە هونەرمەندی داهێنـەر چـاپلن کـە دواتریـان ساڵی 2008 مارتن سیف لە ژیانی چاپلن دا دەڵێت (( هونـەرمـەنـدێکی گـەورە نـەبـوو بەڵکو داهێنەرێکی گرنگ بوو)).

## کەسایەتی ڤینسنت ڤان کوخ ( ڤینسنت ڤان کوخ )



Vincent Willem van Gogh (Zundert, 30 maart 1853 - Auvers-sur-Oise, 29 juli 1890)

کە هونـەرمـەنـدێکی شـێوەکـاری جیهـانی یـە وە گوڵـە بەڕۆژەکانی هـەمـوو شـەقامـەکـانی گونـدی زینـدیرتی گرتـوە کـە سـالانە ئـەو شـارە بـە گـوڵ دەچێننـەوە ، وەهەزارەها گەشتیار سەردانـی ئـەم شـارە دەکـات وە دێتـە چـاو گـرتن لـەو کـارە هونـەریانـەی کـە ئـەم هونەرمەندە ئەنجامی داوە لە ژیانیدا، ڤینسنت ولیم ڤەن کوخ 30 مارتی 1853 لـەدایـك بـووە لـە گونـدی زینـدیرتی خـۆر ئـاوای هۆڵـەنـدا ،وەسـاڵی29 یـولی 1890 بـەهـۆی هەڵچونی دەروونی یەوە خۆی کوشت لە دەشتێکی تەڕوماتدا، کە هونەرەکەی تـەنها لـە سەدەی بیستەمدا خۆی بینی یەوە بە هونەرێکـی داهێنـەرانـە و داهێنانەوە بـۆ ئـەمرۆی هاوچەرخی مرۆڤ و هونەر.

زۆربەی کارە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە لە مۆزەخانەی ئـەمستردام پـارێزراوە وە کارەکانی وە نامەکانی وە ئەرشیفەکانی ، ئەوەی کەلە زویندرت ماوە تەنها جێگای ژیان و لەدایك بوونی بووە.

## داهێنەرێكی تری هونەری سەردەم ( سلیڤادۆر دالی )



Salvador Dalí

11 مایو 1904 – 23 ینایر 1989

پێش مردنی ووتی (( بێ غالا بێ خوشەویستی نەبووم بە دالی )).

هونەرمەندێكی ئیسپانی داهێنەرانەی سەردەمی زێرین دوای ڕێنسانس وە هاوچەرخ و هاودەمی ئەمرۆ لە هونەری شێوركاری جیهانیدا ، تاكە هونمەرمەندی سەدەی بیستەمە بە كارە هونەری یەكانی كە سریالین كە پتریان خەونی سەردەمن وە داهێنەرانەیەكی فۆتۆگرافی خەونی تێدایە كاتێ كراوی سەدەی ڕێناسی پێوە دیارە، زۆر كارتێكراوی فیزیای لەسەرە بەكارە هونەریەكانی دیارە بەتایبەت لەبواری نیگاركێشان و پەیكەرسازی و.. خێزانەكەی غالا كە جیگایەكی گەورەی گرتبوو لە ژیانی هونەریدا وە تایبەتمەندێتی یەكی گرنگی هەبووە بۆ ژیانی سلیڤادۆر دالی .. كارەكانی جیاتر بوون دوورتر بوون لە ریالیستی ، خەون وە شتە قەبەكان بەردەوام كارەكانی ڕازاندبۆوە.

دوا بڕوانامەی دینیدتۆی وەرگرتوە لەبواری جولەی فلیمە وێنەیەكاندا بەهاوكاری والت دیزنی لەساڵی 2003 دا بلاو كرایەوە.

پاڵەوانێتی سلیڤادۆر دالی هاوچەرخی ئەم سەدەمەیە كە هونەرێكی داهێنەرانەی لە خۆ گرتووە وە داهێنانی نوێ ی خستەوە لە ناو هونەری سولیزمدا.

بۆیە مۆزەخانەكەی ئەمستردام ی بە مۆم دروست كراو زۆر گرنگی داوە بەم كەسایەتیانە بە دروست كردنی پەیكەرێك بۆیان. وە رۆژانە بە سەدان كەس دێنە تەماشا كردنیان.